## هەولێر: ڕاگری کۆلیژێک جلی کوردی قەدەغە دەکات

بەگوێرەی هەواڵەکان ڕاگری کۆلیژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سەلاحەدین لەبەرکردنی جلی کوردی قەدەغە کردووە، فەرماندراوە کە نابێ کەس بە جلی کوردییەوە پێ لەنێو کۆلیژ بنێ. هەر لەم پێوەندەدا ڕۆژی ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/٢٣ خوێندکارێکی زانکۆی سەلاحەدین کارگێڕی و (بەشدار حەمەد خدر) جلی کوردی لەبەربووەو ویستویەتی بەو جلەوە بۆ گەشتێک بڕۆن کەچی کارمەندی پرسگەی کۆلیژ ڕێگەی پێنادەن بچێتە ژووری و جەخت دەکەنەوە کە ڕاگری کۆلیژ پێیڕاگەیاندووین کە نابێ کەس بە جلی کوردی بچێتەوە ناو کۆلیژەوە!!

## سلێمانی: پیاوێک دەکوژرێ

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٥-٤-٢٠٠٨ لەگەڕەکی حاجیاوای شاری سلێمانی، پیاوێکی خاوەن دوو ژن بە ناوی (خ.م.ف) لەناو ماڵەکەی خۆیدا بەهۆکارێکی نەزانراو دوو گوللە لەخۆی دەدات و خۆی دەکوژێ.
بەگوێرەی زانیاریەکان کوژراوەکە لوولەی دەمانچەکەی خستۆتە دەمی و دوو گوللەی لەخۆی داوە و خۆی کوشتووە، هەروەها شەش منداڵ و دووژنی لەپاش خۆی بەجێهێشتووە، بەوهۆیەشەوە کێشەیەکی گەورەی بۆ بنەماڵەکەی ماوەتەوە.

## کەرکوک: زبڵ خەڵک هەراسان دەکات

بەهۆی کەمتەرخەمی لایەنی خزمەتگوزاری، بەتایبەتیش هێشتنەوەی زبڵ و خاشاک لە کوچەو کۆڵانەکانی شاری کەرکوک دانیشتووانی شارەکەی هەراسان کردووە، تەنانەت مەترسی بڵاوبوونەوەی دەیان پەتای وەک کولێراو ڕشانەوە لەئارا دایە.

## قەندیل:کێبڵ دزین دەست پێدەکاتەوە

ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/٢١ لە ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراودا کێبڵی کارەبای نێوان گوندەکانی (قەڵاتوکان)و(دەشتکێوان) لە سنوری قەندیل دەدزرێ، ئەمەش دڵەڕاوکێ و نیگەرانی لەلایەن خەڵکە دروست دەکات، بەتایبەتی ئا ئێستاش دزەکان نەتوانراوە دزەکان بدۆزرێنەوەو بناسێندرێن.
ڕاستیەکەی لە دوای ڕاپەڕین دزینی کێبڵ و تەلی کارەبا وەکو دیاردەیەکی بەرچاو لە کوردستان و عێراق دەستی پێکرد، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە کۆتابووە، کەچی ئێستا دەستی پێکردۆتەوە، بۆیە دەخوازرێ کە ڕێوشوێنی توند بگیرێتەبەر و بواری کەس نەدرێ ئەو دیاردەیە زیندوو بکاتەوە.

## باسرمە: لە داخی سوکایەتی پێکردن جەڵدە لێی دەدات و گیان لەدەست دەدت

تایبەت بەڕۆژی گەل: ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/٢٠ لە ناحیەی (باسرمەی) سەر بە دەڤەری (هەریر) ڕەشەوڵاخ و مانگاکانی وڵاتی (م. ش.مەمونديانی) دەچنە ناو باخی و بێستانی وڵاتیەکی گوندی (خرواتان)، ئەوانیش پەلاماری خاوەن مانگاکان دەدەن و سوکایەتی پێدەکەن، بەوهۆیەوە باری دەروونی تێکدەچێ و جەڵتە لێی دەدات، هەرزوو ڕەوانەی نەخۆشخانەی هەریری دەکەن، بەڵام دوای سی ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە لە ڕۆژی ٢٣-٤-٢٠٠٨ گیان لەدەست دەدات، بەوهۆیەوە کێشەو گرفت لەنێوان هەردوو بنەماڵە دروست دەبێ کە تا ئێستا چارەسەر نەکراوە.

## سۆران: کەسێک لەبەرماڵەکەی خۆیدا بریندار دەکرێ

شەوی ١٩-٢٠٠٨/٤/٢٠ لە گەڕەکی (نەهری) قەزای سۆران، پیاوێکی تەمەن٢٥ساڵ بەناوی (فەرسەد نیعمەت)لەبەر دەرگەی ماڵەکەی خۆیدا وەبەر دەستڕێژی گوللە دراو بریندار کرا.
لەپێوەند بەو ڕووداوە سەرچاوەیەکی نزیک بە ڕۆژی گەلی ڕاگەیاند کە یەکێک لە تۆمەتبارەکان دەستگیرکراوەو یەکێکی دیکەشیان هەڵاتووەو خۆی شاردۆتەوە، کێشەکەش سەرچاوەی لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیەوە گرتووە.

## زەڵێ: پۆلیسێک گیان لەدەست دەدات

ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/٢١ پۆلیسێکی پاسەوانی سنور لە بنکەی گوندی (زەڵێ) بە ناوی (ع.م) لەکاتێکدا بۆ نۆرەی ئێشکگری خۆی دەچێتە سەربان، بەردەبێتەوەو گیان لەدەست دەدات.

## ڕانیە: ژنێک وەبەر چەقۆ دەدرێ

ئێوارەی ٢٠٠٨/٤/٢١ لە گەڕەکی ئازادی ڕانیە ژنێکی تەمەن ٣١ساڵ بەناوی (ج.ع)لەلایەن هاوسەرەکەیەوە وەبەرچەقۆ دەدرێ و بەسەختی بریندار دەکرێ. دەستبەجێ ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ.
سەرچاوەیەک بە ڕۆژی گەلی ڕاگەیاند کە هاوسەری ئەو ژنە دووچاری دڵپیسی و واسواسی هاتووە، ژنەکەی بۆ نیە قسە لەگەڵ هیچ پیاوێک بکات، بەڵام کاتێک زانیویەتی کە ژنەکەی قسەی لەگەڵ پیاوێک کردووە ئیدی پەلاماری داوەو ویستوویەتی بیکوژێ.

## چەند کەسێک دەسووتێن

ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/٢١ لە گەڕەکی ڕاپەڕینی قەزای پشدەر منداڵێکی تەمەن ٤ ساڵ بەناوی (دیاکۆ محەمەد ئەمین) ئاوی کوڵاو بەسەریدا دەڕژێ و بەڕێژەی ٨٠% جەستەی دەسوتێ، هەرچەندە ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەست دەدات.
شەوی ٢١-٤-٢٠٠٨ لە گوندی (عەنەب)ی سەر بە شارۆچکەی هەڵەبجە فێرخوازێک بە ناوی (ئی. م. ع) ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەداو خۆی دەسووتێنێ.
بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو قوربانیە سوکە شەڕێکی زارەکی لەگەڵ دایکی کردووە، دواتر نەوتی بەسەرخۆی داکردووەو خۆی سووتاندووە، هەر دەمودەست خزمەکانی بەهانایەوە چونەو ئاگرەکەیان خامۆشکردۆتەوەو گەیاندوویانەتە نەخۆشخانەی ئێمرجنسی شاری سلێمانی، بەڵام بەهۆی زۆری سووتانەکەی ڕۆژی دواتر، واتە ٢٢-٤-٢٠٠٨ گیانی سپاردووە.
ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/٢٢ لە گەڕەکی (گولی چیل)ی ناحیەی چوارقورنە کچێکی تەمەن١٥ساڵ بەناوی (ب. ئا.ل) بەهۆی گرگرتنی بتڵی غازەوە لەماڵی خۆیاندا ئاگری تێبەردەبێ و جەستەی دەسوتێ، دەمودەست ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاری سلێمانی دەکرێ، بەڵام لەبەر سەختی برینەکەی دوای دوو ڕۆژ گیان لەدەست دەدات.
هەر لەو ڕۆژەو لەهەمان گەڕەکدا ژنێکی تەمەن ٢٢ساڵ بەناوی (چ. ح) بەهۆی گرگرتنی پەرەمێزەوە لە حەمامی ماڵەکەیان بەشێکی زۆری جەستەی دەسوتێ و ڕەوانەی نەخۆشخانەی ئێمرجنسی شاری سلێمانی دەکرێت، بەڵام دوای دوو ڕۆژ مانەوە گیان لەدەست دەدات.
ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/٢٣ لە گوندی (کوفر دۆڵێ) سەر بەناحیەی (حاجیاوا)لەکاتی سوتانی ئوتومبێلێک منداڵێکی تەمەن ٢ساڵ بەناوی (ح.م) دەسوتێ، هەرچەندە ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ، بەڵام ڕۆژی دوایی لە نەخۆشخانەی ڕانییە گیان کەدەست دەدات.
ڕۆژی ٢٣-٤-٢٠٠٨ لە گەڕەکی برایەتی شاری هەولێر، کچێکی تەمەن ١٧ ساڵە بەناوی (ج. ئا) لە ڕووداوێکی نادیاردا ئاگری لەخۆی بەرداو خۆی سووتاند، هەرچەندە بەپەلە گەیاندرایە نەخۆشخانەی ئیمرجێنسی، بەڵام چونکە ڕێژەی سووتانەکەی ١٠٠% بوو،پاش کاتژمێک گیانی لە دەستدا .
ڕۆژی ٢٤-٤-٢٠٠٨ لە کۆمەڵگەی (باتاس)ی نزیک شارۆچکەی (هەریر)، بە هۆی ڕووداوێکی ئاگر کەوتنەوە، کچێکی تەمەن ١٩ ساڵان بەناوی (ئە. ئی.م) ئاگری تێبەردەبێ و بەڕێژەیەکی زۆر جەستەی دەسووتێ، دەست بەجێ ڕەوانەی نەخۆشخانەی ئیمرجێنسی شاری هەولێر دەکرێ.

## نووسەرانی دهۆک سەپاندنی زاراوەی کرمانجی خواروو ڕەت دەکەنەوە

سەرچاوەیەک بە هەفتەنامەی **ڕۆژی گەل**ی ڕاگەیاند کە لقی دهۆکی یەکێتی نووسەرانی دهۆک لە سیمینارێکدا کە دوێنێ ٢٦-٤-٢٠٠٨ پێکهات، زۆر بەتووندی ڕەخنەیان لەو داوایە گرتووە کە هەندێ نووسەر پێشنیاریان کردووە و دەخوازن زاراوەی کرمانجی خواروو (سۆرانی) وەک زمانی فەرمی باشووری کوردستان بناسێندری و بڕیاری لێبدرێ، هەروەها نووسەرانی دەڤەری بادینان بە واژۆی ژمارەیەک نووسەر یاداشتێکیان بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و حکومەت بەرزکردۆتەوەو لێیانخواستوون کە داخوازی سەپاندنی زاراوەی سۆرانی ڕەت بکەنەوەو ڕێگە نەدەت دووبەرەکی لەنێو زاراوەکانی زمانی کوردیدا دروست بکرێ، چونکە پێکهێنانی زمانی ستاندار پێویستی بە لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی زیاتر هەیەو پێویست دەکات کە زمانزان و شارەزاو پسپۆڕان دانوستاندن و وتووێژی چڕوپڕ بکەن، کارێک بکەن کە زمانی کوردی دەوڵەمەند بکەن، نەک هەژارو کەمدەستەلاتی بکەنەوە.

## لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نۆ کەس دەکوژرێن

سەرچاوەکی تایبەت بە هەفتەنامەی ڕۆژی گەلی ڕاگەیاند کە شەوی هەینی ٢٥/٢٦-٤-٢٠٠٨ سەربازێکی فیرقەی دووی سەر بە سوپای عێراق کە لە موسڵ دەوام دەکات، گەڕاوەتەوە ئاکرێ و لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەشت کەسی کوشتووەو سێ کەسی دیکەشی بریندار کردووە.
بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو سەربازە لە شاری ئاکرێ هەڵیکوتاوەتە سەر ماڵێکو دەستڕێژیی لەئەندامانی ئەو خێزانە کردووە، لە ئاکامدا هەشت کەسی کوشتووە و سێ کەسی دیکەشی بریندار کردووە، دواتر گوللەیەکی لەخۆیشی داوەو خۆیشی کوشتووە.
جێگەی ئاماژەیە کە زانیاریەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە سەبازەکە پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێکی ئەو خێزانەدا هەبووە، بەڵام پێیان نەداوە، دواتر کە زانیویەتی بەزۆر لە کەسێکی دیکەیان مارە کردووە، ئیدی بەپەلە گەڕاوەتەوە ئاکرێ و پەلاماری کەسوکاری کچەکەی داوەو ئەو تاوانەی ئەنجام داوە کە بەمەرگی خۆیشی تەواو بوو.

## ئەمریکا مەبەستی بووە کە پەکەکەو پژاک تێکەڵاو بن و دژ بە ئێران شەڕ بکەن

ڕێنێسانس نیوز؛ هاوکات لەگەڵ دانیشتنەکەی مانگی فێڤریەی ئەردۆغان و جۆرج دابلیو بووش، بەرپرسانی هەواڵگریی ئەمریکا داوایان لە پەکەکە کردووە هێزەکانی تێکەڵی پژاک بکات و بەیەکەوە شەڕی دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بکەن..
بە پێی (شەهاب نیوز) و بە پشتبەستن بە ڕۆژنامەی (جومهوریەت)ی تورکیا هاوکات لەگەڵ چاوپێکەوتنەکەی ئەردوغان لە گەڵ جۆرج دابلیو بووش لە ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٧دا، بەرپرسانی ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکاش لە بەرزاییەکانی قەندیل دەگەڵ پ ک ک وتووویژیان هەبووە.
بەگوێرەی ڕۆژنامەکە ئەمریکا، وێرای ئەوە کە چراسەوزی داوە بە تورکیا بۆ هێرشکردنە سەر باشووری کوردستان و پەکەکە، دوو ڕێگەشی لەپێش پارتی کرێکارانی کوردستان داناوە. نوێنەرە ئەمریکییەکان لە کۆبوونەوەکەدا بە پەکەکەیان گوتوە یان لە باکووری ئێراق دەمێننەوە و دەکەونە بەر هێرشی تورکیا یانیش تێکەڵ بە پژاک دەبن و ئێوەش وەک ئەوان بۆ شەڕی دژی ئێران هاوکاریمان دەکەن.
ڕۆژنامەی جمهورییەت دەڵێت هێزەکانی پژاک بەو داوایەی ئەمریکا تووشی نیگەرانیی بوون و پەیوەندییان بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە گرتووە کە ئامریکا لەو سیاسەتە پاشگەز بکاتەوە، بەڵام وەڵامی ئەرێنییان وەرنەگرتووە.
شایانی ئاماژەیە کە ئەو بانگەشەیەی ڕۆژنامەی (جومهوریەت) لە لایەن هیچ سەرچاوەیەکی دیکەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە پژاک و پەکەکە بە توندی ڕەتی دەکەنەوە کە یارمەتی لە ئەمریکا وەربگرن.

## پەروەردەی ڕاپەڕین لە بڕوانامەی هەندێک مامۆستا دەپێچێتەوە

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی دەست هەفتەنامەی ڕۆژی گەل کەوتوون، بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕانیە ٣مانگ مۆڵەتی بۆ ئەو مامۆستایانە داناوە کە دەرچووی زانکۆکانی عێراقن و لە فێرگەکانی ئەو دەڤەرە وانە دەڵێنەوە تا بڕوانامەکانیان بهێنن و دەنگی ساختەبوونی بڕوانامەکانیان یەکلایی بکرێنەوە.
جێگەی ئاماژەیە کە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام و هاتنەئارای توندوتیژیەکانی ناو شارەکانی عێراق ژمارەیەکی زۆر مامۆستای فێرگەکانی شارەکانی بەغدادو موسڵ و بەسرە ڕوویان لە کوردستان کردو بە بڕیاری سەرو ڕاسپێردران تا بەڕێوەبەرێتی شارەکانی کوردستان گرێبەستیان لەگەڵ ببەستێ و ڕێگەیان پێبدرێ لە فێرگەو زانستگەکاندا وانە بڵێنەوە، بەڵام دوایی دەرکەوت کە هەندێک لەوان بڕوانامەیان نیە، بۆیە ئێستا هەڵمەتی پاکسازی دەستی پێکردوە، بەوهۆیەوە داوایان لێدەکرێ کە بڕوانامەکانیان بهێنن، ئەگەرنا گرێبەستەکان هەڵدەوەشێندرێنەوە.
سەرچاوەیەک بە ڕۆژی گەلی ڕاگەیاند کە ئێستا هەندێک بڕوانامەی ساختە ئاشکرابوون و لە کاتی خۆیدا پێشان دەدرێن.

## هەواڵی سەیر

**ڕۆژی** ٢٠٠٨/٤/٢١ لە بینای فێرگەی (مەشخەڵان)ی سەرەتایی لە شاری چەمچەماڵ پێشەنگەی ساڵانەی چالاکیە هونەریەکانی قوتابخانە و خوێندنگاکانی سەر بە چەمچەماڵ کرایەوە، ئەمساڵ لە پێشەنگاکەدا کار و بەرهەمی زیاتر لە ٣٥ قوتابخانە و خوێندنگای تێدابوو، بەسەدان وێنە و کاری دەستی بەشداریان تێدا کردبوو،ئەوەی جێگەی نیگەرانی مامۆستا و فیرخوازان بوو کاتژمێرێک پێش کاتی دیاری کراوی خۆی بەبێ ئاگاداری پێشەنگاکە کرایەوە، هیچ بەرپرسێکی پەروەردەیی لە کاتی کردنەوەی ئامادە نەبوو هەروەها بڕیاربوو ماوەی ٢ڕۆژ بخایەنێت بەڵام تەنیا یەک ڕۆژی خایاند و تەواوبوو.

**لە** هەفتەی ڕابردوودا لە شاری سلێمانی لە دوانیوەڕۆیەکدا لیژنەی پشکنینی خۆراک و شوێنەکانی دروست کردنی خۆراک،لەگەڵ نوێنەری ئاسایش و فەرمانگەی تەندروستی و ژینگەپارێزی چونە سەر کارگەی چپسی(س) لەسەر ئەوەی تەنیا یەک دانە پاشەڕۆ مشکیان بینیبوولە کارگەکەدا ویستیان کارگەکە دابخەن دوای ئەوەش یەکێکیان کیسەیەک چپسی برد بۆ پشکنین بەخاوەن کارگەکەیان ووت بەیانی وەرە بۆ ئەنجامەکەی کاتێک(س)دەچێت بۆلای ناوبراو کیسەی چپسەکەی دوێنێ لە ژێر مێزەکەدا دانابوو مشک کونی کردبوە هەندێکی لێخواردبوو هەموویان سەریان سوڕ دەمێنێ کە تەنیا چپسێک مشکێک بگەیەنێتە ناو فەرمانگاکە!

**بەهۆی** وشکەساڵیەوە ئەمساڵ فەرمانگەکانی کشتوکاڵ لە شارەکانی کوردستاندا کەوتونەتە هەڵپە و پەلەکردن بۆ دابینکردنی سەدان هەزار تۆن لە جۆ و ئالیک و کیمیایی کشتوکاڵی، هەرچەندە ئەمە کارێکی دڵخۆشکەرە بۆ جوتیاران و ئەوانەی ئاژەڵ بەخێودەکەن ئەوەی کە خەڵکی نیگەران کردووە زۆری ئەو کیمیایی و دانەوێڵانەی لەلایەن کەسانێکەوە وەردەگیرێن کە نەک هەر جوتیار نین و ئاژەڵ بەخێوناکەن بەڵکو فەرمانبەرن و دانشتوانی شارەکانن،لە بازاردا بە گرانتر دەیفرۆشنەوە بە عەلافەکان و لە وێوە دەڕوات بۆ شوێنی نادیار.

**دوای** ئەوەی کە (مەلا کازم جموری) کە ئەندامێکی ناسراوی(جیش ئیسلام)بوو لە ناو ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بەئاشکرا وازی هێنا و لە هەینی ڕابردوو چاووپێکەوتنێکی لەگەڵ کەناڵی ئەلعەرەبیەدا ئەنجامدا کۆمەڵێ نهێنی ناو قاعیدە و گروپە تیرۆرستیەکانی ئاشکرا کرد کە عەرەبەکانی دەرەوەی عێراق کۆنترۆڵی گروپەکانی کردوە،چۆن کارە تیرۆرستیەکانیان ئەنجام داوە هیچ نرخ و بەهایەکیان بۆ عێراقیەکان دانەناوە و تەنانەت ئەگەر لەگەڵ خۆشیاندابن. دوای ئەوە چەند کەسێکی خزمی نزیکی لە ناحیەی (زلوعیە)گیرابوون بەرەڵاکران و ئێستا لە ژێر چاودێری و پاسەوانی حکومەتدان نەوەکو جەماعەتی قاعیدە تیرۆریان بکەن چونکە دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆتەوە دەزگای مغابەراتی ئەمەریکی بە هاوکاری هەندێ عێراقی توانیویانە ئەو پیاوە بگرن و بۆ کاری تایبەتی خۆیان بەکاری بهێنن.

**لە** چەند ڕۆژی ڕابردوودا دانیشتوانی گەڕەکی (شەهیدانی ٦٩) لە شاری چەمچەماڵ کە زیاتر لە ٥٠٠ ماڵ دەبن چەندین ساڵە گەڕەکەکەیان دروستکراوە و بچوکترین خزمەتگوزاری (ئاو،ئاوەڕۆ،کارەبا،جادەیان)پێ نەگەشتووە لەبەر کۆنەبوونەوەی ئاوی پیس لە گەڕەکەکە و دروست نەبوونی مێشولە هەستاون لە سەر ئەرکی خۆیان ئاوەڕۆیان بۆ گەڕەکەیان دروست کردووە شایەنی باسە لە کاتی وێنە گرتن و گفتوگۆ کردن لەگەڵیاندا دانیان بەوەدانا کە چونەتە شارەوانی شارەکە و پێیان وتوون کە ئێمە ئاوەڕۆمان دەوێت لەوەڵامدا وتویانە کە ئێمە ناتوانین هاوکاریتان بکەین کەچی تەنیا یەک ماڵ لەو گەڕەکەدا کە فەرمانبەرێکە و سکرتێرێکی قایمقامی شارەکەیە هێڵێکی کارەبا و بۆریەکی تایبەتی ئاویان بۆ ڕاکێشاوە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com